هێڵی یارمەتی ڕێنیشاندان لەم کاتانەی خوارەوەدا کراوەیە:
دووشەممە 4 دوانیوەڕۆ بۆ 7.30 ئێوارە
سێشەممە 4 دوانیوەڕۆ بۆ 7.30 ئێوارە
پێنجشەممە 10 بەیانی بۆ 1 پاشنیوەڕۆ
هەینی 10 بەیانی بۆ 1 پاشنیوەڕۆ
شەممە 10 بەیانی بۆ 1 پاشنیوەڕۆ

لەکاتی تردا تۆ دەتوانیت پەیامێک بەجێ بهێڵێت و کارمەندێکی پشتگیری تەلەفونت بۆ دەکاتەوە. ژمارەی هێڵی یارمەتی ڕێنیشاندان ئەمەیە: 0440 941 (0115)

له دەرەوەی ئەو کاتژمێرانە تۆ دەتوانیت تەلەفون بکەیت بۆ هێڵی یارمەتی 24 کاتژمێرەی توندوتیژی سێکسی و ناوماڵ بە ژمارە: 0340 800 0808

## خزمەتگوزاری ڕێنیشاندان

ڕێنیشاندان کەش و هەوایەکی ئارام و بەبێ پرسیار و بۆچی وەهایت و وەها نیت پێشنیاز دەکات کە لەوێدا تۆ دەتوانیت بیرۆکە و هەستەکانی خۆت دەرببڕیت و بەناویاندا قووڵ ببیتەوە بەجۆرێک کە لەوانەیە نەتوانیت ئەوە لەگەڵ خێزان و کەسوکار و هاوڕێکانت ئەنجام بدەیت.

ئێمە خزمەتگوزاری ڕێنیشاندانی ڕووبەڕوو بۆ هەر کەسێک فەراهەم دەکەین کە تەمەنی 13+ ـە. خزمەتگوزارییەکە لەلایەن ڕێنیشاندەری ڕاهێنراوەوە فەراهەم دەکرێت و کەش و هەوایەکی ئارام و بەبێ حوکمدان فەراهەم دەکەن کە لەوێدا تۆ دەتوانیت بە کاریگەری هەر جۆرە دەستدرێژییەکی سێکسی یان بەدکرداریدا قووڵ ببیتەوە.

## پشتگیری بە گرووپ

گرووپی پشتگیری 'لە دوای دەربازبوون' کۆرسێکی 8 هەفتەیە بۆ هەر کەسێک، کە تەمەنی 18 ساڵ و بەرەوژوور بێت و جۆرێک لە جۆرەکان توندوتیژی سێکسی بەرانبەر ئەنجام درابێت. ئامانجەکانی گرووپەکە بۆ بەدەستهێنانی خۆ-پەسەندکردن و بنیاتنانی متمانەیە بەخۆی و بە کەسانی دیکە، بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆشتر بەسەر ببەن و چاویان بە دەربازبوانی دیکەی وەک خۆیان بکەوێت. خزمەتگوزارییەک بەردەستە بۆ ئەو دەربازبوانەی کە پێشتر لەلای ئێمە دەستیان بە پشتگیری چارەسەرکارانەی دیکە ڕاگەیشتووە.